# هاوڵاتییەکی شاری سلێمانی

**ئەو خۆپیشاندەرەی فەرمانگەیەك دەسوتێنیٚ دەستی بێگانەی لەپشتەوە نییە بەڵکو ئەوە نیشانەی هەرەسی ئینتمایە بۆ نەتەوە**



**ئا: ئاسۆ**

**نزیك بە 16 ساڵە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەدەست دەیان گرفت و قەیرانی قووڵەوە دەناڵێنن و کێشەی کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و بێکاریی و گرانی بازاڕ سەرەکیترین گرفت و کێشەکانی کۆمەڵگەن کە تاوەکو ئێستا نەتوانراوە چارەسەریان بۆ بکرێت، هەرچەندە لایەنی حکومەت وا ڕادەگەیەنێت کە لەتوانایدا نییە ئێستا چارەسەری بنەڕەتی ئەم کێشانە بکات، بەڵام خەڵك حکومەت بەکەمتەرخەم دەزانن، هەر بۆیە لەماوەی ئەم دوو هەفتەیەدا زنجیرەیەك خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان سەریهەڵدا.**

**کە تیایدا خەڵك داوای دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانیان دەکرد، لەم خۆپیشاندانانەدا چەندین پێکدادان لەنێوان هێزەکانی ئاسایش و خۆپیشاندەراندا ڕوویدا و بەپێی وتەی چاودێران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆپیشاندەران ڕێگای شارستانی و هێمنانەیان نەگرتۆتەبەر بۆ داواکردنی خواستەکانیان، هەرچی خۆپیشاندەرانیشە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەوە تاوانبار دەکەن کە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن و ئەوان بەهۆکاری دروستبوونی بار گرژییەکان دەزانن.**

**زۆربەی سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە خۆپیشاندەران بە بەرد هێرش دەکەنە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و زۆرجار هەندێك شوێن تاڵانکراون و سووتێنراون.**

**کە ئەمە بۆخۆی کارێکی ناشارستانییە، ئایا کاری تاڵان و سووتاندن بۆتە کولتوورێك لەنێو کۆمەڵگەدا؟ ئایا خۆپیشاندەران بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی چۆن دەکرێت خۆیان بەشێك بن لەهێزی سووتێنەرو بەتاڵانبەری دامودەزگاکانی حکومەت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زۆرێك لەرۆشنبیران و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەدووی وەڵامەکانی دا دەگەڕێن و قسەی لەبارەوە دەکەن.**

**لەوەڵامی ئەم پرسیارانەدا چەند هاوڵاتییەك بەمشێوەیە وەڵامیان دایەوە:**

**سەربەست جەمال وتی: کێشەکان لەوڵاتی ئێمەدا ئەوەندە قووڵن بۆیە چاوەڕوانی کاردانەوەی ئاوهاش لە هاوڵاتیان دەکرێت، هەرچەندە من بۆ خۆم لەگەڵ کاری توندوتیژیدا نیم بەڵام خۆزگە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیرێکی لەچارەسەرکردنی گرفتەکان بکردایەتەوە.**

کارزان حەمەلەتیف دەڵێ: من دڵنیام ئەوەی خۆپیشاندان دەکات مەبەستی نییە کاری ئاژاوەگێڕیی بکات بەڵام خەڵکانێك هەن لەنێو خۆپیشاندەراندا کە ئاستی هۆشیارییان لاوازو نزمە پێیانوایە ئەگەر دامودەزگاکانی حکومەت نەسووتێنن ئیتر هیچیان نەکردووە، بەداخەوە دەیڵێم کە ئەم کولتووری تالاّن و وێرانکردنە لەولاّتی ئێمەدا هەیە، بەشەخسی خۆم دژی ئەو جۆرە کارانەم.

ئارام عەلی وتی: ئەگەر باسی ئەوە بکەین لەبەرچی خۆپیشاندەران ئەو کارانە ئەنجام دەدەن ئەوە دەبێت پرسیار لە حکومەت بکەیت چونکە ئەو بەرپرسە ! چونکە بەڕاستی هەتاوەکو ئێستا چەندین ڕێگەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە گیراوەتەبەر بۆ داواکارییەکانی هاولاّتیان بەڵام چی بکەین دەسەلاّت گوێ ناگرێت؟ ئەی چارەسەر چییە؟ ئەگەر وابێ خۆپیشاندەران کارێکی خراپیان نەکردووە.

ئەژین سەلاّح وتی: بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ توندوتیژیدا نیم بەڵام ئەو خەڵکەش چی بکات کە هیچ ڕێگایەکی تری بۆ نەماوەتەوە بیگرێتەبەر جگەلە توندوتیژیی. کە کەس گوێ لەهاولاّتی نەگرێت دەبێت خۆپیشاندانی قورس بکەیت، لە هەموو دنیاشدا هەروایە خۆپیشاندان کاری توندوتیژیی تێدا دەبێت.

هەقیش نییە بەناوی ئەوەی چوار بەرد بەر چەند پۆلیسێك کەوتووە ئیتر ماف و داواکارییەکانی سەدان هەزار هاولاّتی لەبیربرێتەوە.

فرمێسك ئەحمەد دەڵێ: بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کاری توندوتیژانەدانیم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیم بەملیۆنەها دۆلار لەلایەن بەرپرسانەوە بدزرێت و کەسیش زاتی ئەوەی نەبێت دەنگی لێوەبێت، باشە بۆچی ئەگەر چوار مێزوکورسی لە خۆپیشاندانێکدا بشکێت حکومەت دەیکات بەهەرا؟

کەچی ملیۆنەها دۆلار بەفیرۆدەچێ حکومەت زمانی نەماوە، با ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە حکومەت خۆی ئەو نەریتەی داهێنا، ئێستاش خەڵك نەئاوی هەیەو نەکارەبا نە ئیش و کار هەیە لەولاشەوە حکومەت دەڵێت بێدەنگ بن، بێدەنگی سنووری خۆی هەیە، ئیتر کاتی ئەوەیە حکومەت بەڕاستی ئیش بۆ خەڵك بکات چونکە لەقسەی زل و فشەوفاڵ تێرمان خوارد.

*لەڕاوبۆچوونی ئەو هاولاّتیانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خەڵکی تەواو نیگەرانن و هەڵوێستی توندیان لەبەرامبەر دەسەلاّت وەرگرتووە و قسە لەسەرئەوە دەکەن کە دەسەلاّت لەبنەڕەتەوە خۆی گەندەڵەو بەملیۆنەها دۆلار بەفیرۆ دەبات بەڵام تووڕەیی و هەڵچوونی خۆپیشاندەران لەپێناو بەدەستهێنانی سەرەتاییترین مافدا بەئاژاوەگێڕیی و تالاّنچێتی وەسف دەکات کە ئەمەش هێندەی تر تووڕەیی و نیگەرانییەکانی هاولاّتیانی زیادکردووە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دەبێت خەڵك خۆی بەشێك بێت لەو پرۆسەی گەندەڵی و بەتالاّن بردن و ئەو کاولکارییەی کە دەمێك ساڵە لە کوردستاندا بوونی هەیە؟

زانکۆ جەزا وتی: خۆی کاری ئاژاوەگێڕیی و بەردەبارانکردن دوورە لەنەریتی شارستانی و مەدەنیانەوە، من داوا لە هاولاّتیان بەتایبەتی توێژی گەنجان کە لەپێناوی ئامانجەکانمان کە خۆی لەدابینکردنی خزمەتگوزارییەکاندا دەبینێتەوە تێکەلاّو نەکەن لەگەڵ کاری ئاژاوەگێڕیی و بەردەباران و پەلاماردانی دامودەزگا حکومی و خزمەتگوزارییەکان.

هۆشیار عەباس وتی: بەکورتترین دێڕ ئەو کەسەی لە خۆپیشاندانداا فەرمانگەیەك دەسووتێنیٚ دەستی بێگانەی لەپشتەوە نییە بەڵکو ئەوە نیشانەی هەرەسی ئینتمایە بۆ نەتەوەو ئەوە دوا چرکەی عەبەس بوونی رۆحی مرۆڤی کوردە.

عەلی حەمەرەشید دەڵیٚ: هاتنە سەرشەقام نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە ناڕازین لەم بارودۆخە، ئیتر کاری سەرەڕۆیانە و توندوتیژانە نەك هەر چارەسەری کێشەکان ناکات بگرە ئاڵۆزتریشی دەکات، جگە لەوەش ڕەفتاری وەك بەرد باران‌و سووتاندن‌و تالاّن کردن ڕەوشتێکی زۆر ناشیرینە و دوورە لە عورفی کوردەوارییەوە و هیوادارم خەڵکی کورد لێی دوور بکەوێتەوە، هەروەها دەبێت هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەشێوەیەکی دیموکراتیکی و لەسەرخۆ مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران بکەن.

*لەدوای وەرگرتنی سەرنجی هەموو ئەم هاولاّتیانە دەگەینە ئەو قەناعەتەکەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك لەگەڵ کاری توندوتیژیدا نین، بەلاّم گوێنەگرتنی حکومەت بەدرێژایی ماوەی ئەم شانزە ساڵەی ڕابردوو بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کاردانەوەی جەماوەر توندوتیژیی لێبکەوێتەوە، بۆیە پێویستە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم چاکسازیی تەواو لەنێو دامودەزگاکانی حکومەت و حیزبدا دەست پێبکەن و بەجیدیی لەهەوڵی چارەسەرکردنی کێشە هەنووکەیی هەرە گرنگەکانی جەماوەری خەڵکدا بن بەتایبەتی لە ئەولەویەتدا گشت بۆشاییەکان پڕبکەنەوە لەبواری خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا لەکارەباوە بیگرە تاکو سووتەمەنی ئەوجا ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگە بەرەو دیموکراسییەت و چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەلاّیەتی.